No: 4520 Thursday 13/3/2008
ساڵی حەڤدەهەم-ژمارە (٤٥٢٠) پێنجشەممە ٢٠٠٨/٣/١٣




## د. بورهان یاسین:

# بەغدای عەرەبی حەزناکات گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەنکەرەو هەولێر دەست پێبکات

**وەك زۆر پسپۆڕی تری بواری سیاسی و دیپلۆماسی، د. بورهان یاسین-ی لێکۆڵەرو شارەزا لەکێشەی سیاسیی کوردو مامۆستای زانکۆی لوند-ی سویدی، پێیوایە سەردانەکەی مام جەلال سەرۆك کۆماری عیراق بۆ تورکیا لەکاتێکی لەبارو گونجاودا بووە. ئەو ڕای وایە پێشنیازکردن بۆ تورکەکان کەگفتوگۆ لەگەل حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن لەجێی خۆیدا بووەو ناکرێ لەوە کەمتر لەمام جەلال چاوەڕوان بکرێت. بەلاشییەوە گرنگە لەئاستی دیپلۆماسیدا ئەمریکا پشتیوانی لەو پێشنیازە بکات، پەکەکە-ش لەوە وریا دەکاتەوە کە لەدوای ئەو ڕووداوانەوە ڕوو لەغرور نەکاو باش لەو حیکمەتەی وینستن چرچڵ نزیك بێتەوە کەدەڵێ: لەگەرمەی شەردا بیر لەئاشتی بکەرەوەولەلوتکەی سەرکەوتندا دان بەخۆتدا بنێ. ئەمەو چەندین بۆچوونی تری سەرنجڕاکێش لەم گفتوگۆیەدا دەبینین.**

**گفتوگۆی: سکرتێری نووسین**

> ## کورد لەئاستی دیپلۆماسیدا پێویستە تۆپی یاریکردنی سیاسی بخاتە یاریگەی تورکەوە، جا دواتر تورکیا چۆن یارییەکە دەکات ئەوە شتێکی ترە

*** بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی(CNN TURK) یەکێك لەڕاسپاردەکانی مام جەلال بۆ تورکەکان لەسەفەری ئەم دواییەی بۆ تورکیا کردنەوەی دەرگایەکی دیالۆگ بووە لەنێوان ئەنکەرەو هەولێر... بەرای ئێوە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمجارەیان تورکیا گفتوگۆ لەگەل حکومەتی هەرێمدا قبول بکات؟ ئایا ئەگەر حکومەتی ئەنکەرە قبولیشی بکات، سوپاو هێزە نەتەوەییەکانی تورکیا نابنە ڕێگرو کێشە.؟**

- پێشەکی سەردانەکەی سەرۆك کۆماری عیراق بۆ تورکیا هەروا ڕووداوێکی سادە نەبوو. هەرنەبێ لەئاستی عیراق و باشووری کوردستان هەندێ گفتوگۆو بۆچوونی دژ بەیەکتری دروستکرد. هەرنەبێ ئەو سەردانە لەکاتێکدا هات کەقەیرانی نێوان کوردو تورکیا تازە تەنها چەند ڕۆژێکی کەمبوو لەلوتکەی قەیرانێکی جددی گەرابوویەوە. ئا لەمشێوە کاتانەدا هۆکارە دەروونییەکان و هەست و نەست و سیاسەت لەئاستە هەرە جددی و هەستیارەکانیاندا بەچری تێکەڵاو بەیەکتری دەبن، بەرادەیەك کەئاسان نییە کاردانەوەکان لەو ئاستانەدا لەیەکتر جیا بکرێنەوە، لەڕاستیدا هێشتا لایەنەکان لەژێر کاریگەری قوڵی دەروونی قەیرانەکەدان. ئەوەشی لەم حالەتانەدا سیاسی لەخەڵکی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کەسیاسی لەقوڵایی قەیراندا دەرفەت دەبینێ وە هەمیشە بۆ ئەو هەر نەبێ نیوەی قەیران، لەڕاستیدا هەندێجار زێتریش، دەرفەت و کرانەوەیە.

بەم مانایەش هەرچەندە لەماوەیەکی درێژدا پەیوەندییەکانی کورد لەباشوور لەلایەك وە تورکیا لەلایەکی ترەوە ئەو ڕادە جددییەی لەقەیران بەخۆوە نەدیووە وەکو ئەوەی ماوەی دوایی، بەڵام لەلایەکی ترەوە قەیران خزمەتی کوردی کرد، هەرنەبێ بەو مانایەی کەیارمەتی هەندێ لەلایەنە پەیوەندیدارەکاندا کە شتەکان بەشێوەیەکی تر ببینن. بەباوەری خۆم لەمەودایەکی درێژخایەندا ئەم قەیرانە خزمەتی بەتەوەجوهی بەئاشتییانە چارەسەرکردنی کێشەی نەك هەر(pkk)ی کرد بەلکو بەو باوەڕەو قەناعەتەش کرد کەکێشەی کورد بەشەرو زەبرو زەنگ چارەسەر ناکرێ. هەر لێرەشەوە من لەو باوەڕەدام کەکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، لەناویشیان، ئەگەر نەڵێین لەپێشەوەیان، ئەمریکاو یەکێتیی ئەورووپا بەشێوەیەك یاشێوەیەکی تر ئەو باوەڕەیان زیاتر لەجارێك لەکاتی قەیراندا دەربری.

من باوەڕموایە، بەپێچەوانەی هەندێ بۆچوون، کاتی سەردانەکە بەگشتی لەباربوو، بەڵام ئەوەی سەرۆك کۆمار کردویەتی و وتوویەتی لەم سەفەرەدا ئەوە جێگەی گفتوگۆو دژایەتی دروستکردنە. پێشنیازیش کەوا باشە ئەنکەرە لەگەل هەولێردا بکەوێتە دیالۆگ، جێگەی خۆیەتی، وە لەوە کەمتر ناکرێ لەمام جەلال چاوەڕوانبکرێ. لەڕاستیدا کەمتر لەوە لەکارێکی ئەوهادا مام جەلال بەتەواوەتی لەسەرکردەو کەسایەتییەکی کورد دەکا بەسەرکردەیەکی عیراقی بەکەمترین ڕادەی پەیوەندی و گرنگی بەکێشەی کوردەوەو نزیکتر لەبۆچوونی عەرەبی تاکوردی. ئەوەشی لەلایەکی ترەوە گرنگە نەك هەر پێشنیازەکەیە بەلکو هەرنەبێ دوو ڕەهەندی تری سیاسی و دیپلۆماسیش زۆر گرنگن:

١- لەئاستی ئیقلیمی کوردستاندا، بۆئەوەی پێشنیازەکەی مام جەلال شتێکی پۆزەتیڤی بۆ کورد لێبکەوێتەوە، پێویستە لەم ئاستە سیاسییەدا ئەوپەری یەکریزی کوردی(لەئاستی هەرێم) هەبێت. لەم لەیەکتر گەیشتنەو خەملاندنی ستراتیژێکی سیاسی لەم ئاراستەیەدا هەرنەبێ پێویستی بەیەك هەڵوێستی سێ ڕەمز لەئاستی هەرێمدا هەیە: سەرۆك کۆمار(سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٢- لەئاستی دیپلۆماسیشدا زۆر گرنگە کەلایەنی ئەمریکی هەر زوو پاڵپشتی ئەو پێشنیازە بێت. بەبێ ئەو دوو خاڵەو بەم مانایە، سەرنەکەوتن و بێکاریگەری ئەو پێشنیازەی سەرۆك کۆمار نەك هەر لەئاستە تورکییەکەیدایە، کەهەڵبەتە ئەو ئەگەرە جددیە، بەڵکو لەوانەیە لەئاستی کوردیشدا ئەو هەنگاوە بەرەوپێش نەچێ و قەتیس ببێ.

هەڵبەتە لەو بارەیەوە نابێ ڕۆڵی بەغدا هەروا بەگرنگ نەگیرێ وکورد تەنها لەچاوێلکەی برایەتی و باوەڕبوون بەبەغدا، ئەو ڕۆڵەی هەڵبسەنگێنی. بەمانایەکی زۆر ئاشکراتر من باوەڕم وایە بەغدا، بەئاشکراتر بڵێم بەغدای عەرەبی حەزناکات گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەنکەرەو هەولێر دەستپێبکات. نەك هەر ئەوە بەڵکو هەرنەبێ بەشێك لەبەرپرس و هێزە عەرەبییەکانی بەغدا حەزیش دەکەن هەولێر، واتە کورد لەباشوور، لەنێوانی فشاری بەغداو ئەنکەرە تەنگی پێهەڵبچنرێ و پەراوێزە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی تەسك ببنەوە.

دەربارەی ئەم پرسیارەتان یەك شت ماوە بیلێم، ئەویش ئەوەیە کەجێگەی خۆیەتی لایەنی کوردی لەئاستی میدیاو سیاسەتکردندا جیاوازی هەڵوێستەکان لەتورکیا بەرامبەر بەکێشەی کورد دەبینێ، بەڵام ئەو جیاوازیکردنە نابێ خۆی لەدەربرینە دیپلۆماسییە کوردییەکاندا ئاشکرا بکات: کورد دەبێ جیاوازی بکات لەنێوان ڕاڤەکردن و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەشتەکان لەلایەکەوەو ناردن و دەربرینی هێما دیپلۆماسییەکان لەلایەکی ترەوە. بەمانایەکی تر ئەوەی کورد لەئاستی دیپلۆماسیدا پێویستە بیکات ئەوەیە کەتۆپی یاریکردنی سیاسی بخاتە یاریگەی تورکەوە جا دواتر تورکیا چۆن یارییەکە دەکات ئەوە شتێکی ترە. تەواوکەرێکی گرنگی ئەو یارییەش لەڕاستیدا وتاری کوردییە لەباشوورەوە ڕوو لەباکوور دەربارەی(pkk) هەر زیادەڕۆییەك وەك ئەوەی وتاری کوردی لەباشوور(pkk) بخاتە ئۆردوگای دژەوە بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیا دەتوانێ بەزیانی کورد بەگشتی و ڕێك بەلەباربردنی دیالۆگی ئەنکەرە-هەولێر تەواو ببێ. چونکە ئەو جۆرە لەسیاسەتی ڕازیکردنە لەوانەیە لەئەنکەرەوە ئەوها بخوێندرێتەوە وەکو ئەوەی کورد لەباشوور ئامادەبێت بۆ بەرەوڕووبوونەوەی(pkk). بەمانایەکی تر لایەنی کوردی لەباشوور(تۆ بڵێ هەولێر) پێویستە لەو گەمەیەدا نەك هەر حسێب بۆ ئەنکەرە(بەتایبەتی هەندێ لەدامودەزگاکانی تورکیا) بکات بەڵکو زۆر گرنگە لەهەڵوێست و نییەتە ڕاستەقینەکانی بەغدا بگاو وتارێکی ئەوپەڕی هاوسەنگی هەبێ لەبەرامبەر(pkk) و جووتبونی هەڵوێستەکانیشی لەو بارەیەوە لەگەل ئەمریکاو کۆمەڵگەی جیهانی تادەکرێ یەکانگیر بکات.

بەکورتی و بەچڕی بەو مەرجە دیپلۆماسی و سیاسییانەی کەئێستا هەن تێری ئەوە ناکەن هەر ئێستا یا لەم زووانە گفتوگۆ دەستپێبکات لەنێوان هەولێرو ئەنکەرەوە بۆ ئەوەشی ئەوە ڕووبدات لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەسەرەوە وترا گرنگە. لەڕاستیدا قەیرانی هەرە دوایی تورکیا لەگەل(قەندیل)و هەولێر لەڕۆژانی دواییدا گواستراوەتەوە ئەنکەرە بەشێوەیەك کەدوورنییە قەیرانی ئەنکەرە، بەتایبەتی درێژکردنی پەنجەی گوناهباری بۆ حکومەت و هێزی سەربازی تورکیا کەگوایە لەژێر فشاری ئەمریکا هێزەکانی کشاندۆتەوە، لەڕۆژانی دادێ یا ئەوەتا فراوانتر ببێ یا ئەوەتا ئەو قەیرانە سەر لەهەولێکی تر بداتەوە بۆ هێرشکردن جارێکی تر بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان. چونکە لەو قەیرانەی ئەنکەرەدا خەریکە دامەزراوەی سەربازی بەتەواوی بەهاو متمانەکەی لەدەستبدات و شێوەیەکی ڕێگەگرتن لەپێشهاتێکی ئەوها هێرشێکی ترە بۆ سەر باشوور بۆ گەراندنەوەی ڕوومەت و متمانەکەی. بەهەرحال، پێشنیازەکانی ڕۆبەرت گێتسی وەزیری بەرگری ئەمریکا کە بەر لەدوو ڕۆژ لەکۆتاییهاتنی هێرشەکەی تورکیا لەئەنکەرە کردی کە لەسێ خاڵ پێکهاتبوو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەئاشتییانەو کشانەوەی یەکسەری هێزەکانی تورکیاو فراوانکردنی هاوکاری لەگەل تورکیا سەرچاوەی ڕاستەوخۆی ئەو قەیرانەی ئەنکەرەن.

*** هەندێ بۆچوون هەیە پێیوایە کەتورکیا گەیشتونەتە قەناعەت کەدەبێ لەبەرامبەر کێشەی کورددا لەتورکیا بکرێنەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی (pkk) کەمبکەنەوە، ئایا پێتوایە تورکەکان جددی بن لەم مەسەلەیەدا؟**

- لەڕاستیدا زۆر دەمێکە تورکیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە. ئەوەی کەگرفتە بوونی قەناعەتێکی لەوجۆرە نییە، کە بەباوەری من سەرهەڵدانی ئەو قەناعەتە هەرنەبێ دەگەرێتەوە سەرەتای(١٩٨٠)کانی سەدەی رابردوو، بەلکو کێشەکە **لەناوەرۆکی فەلسەفی و سیاسی** قەناعەتەکەدایە. هەتا ئەمرۆش بەشی هەرە زۆری دەولەتی ڕەسمی تورکیا بەدەسەڵاتدارو ئۆپۆزیسیۆنەوە لەو باوەڕەدایە کەکێشەی(کورد) لەدواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری(ناوچە کوردییەکاندایە)و بەچارەسەرکردنی ئەو حالەتی دواکەوتوویە کێشەی کورد چارەسەر دەبێ. لەڕاستیدا ئەم قەناعەتە بۆچوونێکی کلاسیکییانەیە کەچوارچێوەکەی مۆدێرنیزەکردنە، وەك چەمکێکی سۆسیۆلۆژی. هەر ئەو بۆچوونەشە کەخۆی لەپشت پرۆژەی(گاپ)دا حەشارداوە، هەر نەبێ لەڕۆشنایی ئەو گۆرانکاریانەی کەبەسەر ماستەر پلانی پرۆژەی(گاپ)دا هات لەسەرەتای(١٩٨٠)کاندا. دوای ماوەیەکیش لەدەربرینی ئەو چمك و نزیکبوونەوەیە، بەتایبەتی لە(١٩٩٠)کان دەزگای سەربازیش بەئاشکرا هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە بەلێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا، یا بەزمانی ئەوان بلێین کێشەی خوارووی ڕۆژهەلاتی تورکیا، ئامرازە کلاسیکییە سەربازییەکان بەس نین و بگرە لەو کاتەوە هێزە چەکدارەکانی تورکیا لەناوچە کوردییەکان لەو ئاراستەیەدا هەندێ خزمەتگوزاریشیان بەتایبەت لەلایەنی بەهداشتییەوە، ئەگەر سنووردداریش بێت، پێشکەشکردووە. زۆر بەکورتی و زۆر بەچری: ڕاستە لەئاستی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە باکووری کوردستان بەبەراورد لەگەل بەشی تورکی ڕۆژئاوای تورکیا، جیاوازی یەکجار زۆرە بەرادەیەك ڕاپۆرتێکی تورکەکان خۆیان لەکۆتایی(١٩٩٠)کان باس لەیەککگرتنی ئەفریقا، واتە ڕۆژهەلات و خوارووی ڕۆژهەلات و ئەورووپا، واتە ڕۆژئاوای تورکیا، لەناو تورکیادا دەکات. بەهەرحال تا ئەم قەناعەتە ڕەسمییەی تورکیا گۆڕانێکی بنەرەتی بەسەردا نەیەت، لەئاراستەی ناسنامەو لایەنی سیاسی و کولتووری و ئایدیۆلۆژی، چارەسەی کێشەی کورد هەر لەچمکە کلاسیکییەکەدا دەمێنێتەوە، کەئەویش هەرگیز تێری چارەسەری کێشەی کورد ناکات. لەلایەکی ترەوە کێشەی(pkk)چۆن لەم کات و حانەدا چارەسەر دەکرێ، پێویستی بەهەندێ پێداچوونەوەی جددی هەیە کەئەو پێداچوونەوانە دەکرێ هەندێك(لێنزیکبوونەوە) بەرهەم بهێنن کەتازەن و دەتوانن کرانەوە لەهەڵوێستی ئەکتەرە پەیوەندیدارەکاندا دروست بکەن.

*** عەبدوڵلا گول داوا لە(pkk) دەکات چەك دابنێن و خەباتی دیموکراتی بکەن، ئایا بەبێ لێبوردنێکی گشتی ئەم کارە دەکرێ؟ ئەی بەرای تۆ(pkk) تاچەند پێشوازی لێدەکات؟**

- بەباوەری من ئەگەر ئەو شتە تا دوو ڕۆژیش بەر لەهێرشەکەی تورکیا مومکین بووبێت، کەدیارنەبوو، ئەوا دوای ئەو هێرشە نالێم بەهیچ جۆرێ مومکین نییە، بەهەر حال زۆر ئاستەمە. لەڕاستیدا بەو شێوەیەی کەهێرشی تورکیا بۆ سەر (قەندیل)و باشوور تەواو بوو لەئاستە سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازی و جەماوەری و هەروەها لەڕووی سایکۆلۆژیای ململانێوە، هەڵوێستی(pkk)ی زۆر بەهێزترکرد.(pkk) دەمێکە پێویستی بەتەکانێکی ئەوها هەبوو. قەیرانی دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەکان، لەئاستە هەرە بەرزو هەستیارەکانی سیاسەت لەئەنکەرە،هێماو هۆیەکی ترە کەهەڵوەستەی (pkk) دا بەهێز دەکات. لەکاتێکدا ترسی ئەوە هەیە کە(pkk) لەخوێندنەوەکانیدا بۆ قۆناغی دوای ئۆپەراسیۆنەکان زێدەڕۆیی بکات و بکەوێتە هەڵوێستێکی سیاسی ناواقیعییەوە، لەلایەکی ترەوە زۆر ناواقیعییانەیە ئەگەر عەبدوڵلا گول وابزانێ بەو ئاسانییە(pkk) ڕازی دەبێت چەك دابنێ. تورکیا زووتر دەرفەتی لەدەستداوە، ترسی ئەوە جددیە کەئەو دەرفەتەش لەدەستبدات. ئەوەشی لەو بارەیەوە گرنگە نەك هەر هەڵوەستەی ئەنکەرەو(pkk)ەیە بەلکو زۆر گرنگە کەدیالۆگ و لەیەکگەیشتنێکی شەفاف و کراوەش لەنێوان هەولێرو قەندیلدا هەبێ. پێشتریش لەگفتوگۆیەکدا لەگەل ڕۆژنامەی(**کوردستانی نوێ**)دا وتوومە کە ئەو دیالۆگە دەبێ کراوەبێ و شێوەی نهێنی وەرنەگرێ، ئەگەر ناهەر شێوە دیالۆگێکی نهێنی لەوانەیە وەك پلانگێرییەکی کوردی-کوردی دژ بەتورکیا وەربگیرێ کەئەوەش پێشوەچوونەکان بەرەو گرژیەکی تر دەبات. لەم بارودۆخەدا واباشە(pkk) بەش بەحالی خۆی ڕوو لەغرور نەکاو باش لەو حیکمەیەی وینستن چرچل نزیك بێتەوە کەدەلێ: لەگەرمەی شەردا بیر لەئاشتی بکەرەوەو لەلوتکەی سەرکەوتندا دان بەخۆتدا بنێ. سەرانی باشووریش واباشە لەئاستێکی هەرە سیاسییانەو بەعەقلێکی کراوەوە لەو حالەتەی ئێستا نزیك ببنەوە، باری سیاسی ئەمرۆی کورد چۆن دەرفەت هەڵدەگرێ ئەوەندەش ترس و نیگەرانی هەڵدەگرێ!

> ## کورد دەبێ جیاوازی بکات لەنێوان ڕاڤەکردن و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەشتەکان لەلایەکەوەو ناردن و دەربرینی هێما دیپلۆماسییەکان لەلایەکی ترەوە